# مەجلیسی حوکم

## لەنێوان گوشاری ئەمریکاو توندڕەوی ناسیونالیزمی عەرەبیدا!

کەمال ڕەئوف

ئیسرائیل دوای ئەوەی بەبڕیارێکی پێشتر ڕاگەیەنراو ئەحمەد یاسین دامەزرێنەرو کەسایەتی ڕۆحی و سیاسی حەماسی تیرۆر کرد ، هەروەهالەبەرانبەر هەڕەشەو گوڕەشەکانی حەماس بۆتۆڵەسەندنەوەی ئەو ڕووداوە ، هێشتا چلەی شێخ نەچووبوو شارون جێگرەوەکەشی ( عەبدولعەزیزرێنتیسی ) بەهەمان دەردی شێخ یاسین برد، رێنتیسی لەدوایین نووسینی خۆیدا کەتایبەتی کردبوو بۆ باسکردن لە ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی فەلوجەوعێراق بەگشتی بەو پێشبینی وگەشبینیەوە دەستی پێکردبووکە گوایە ئەمەریکا لەسەردەستی چەکدارەکانی فەلوجە شکست دەخوات و بەوشکست خواردن و کردنە دەرەوەیەشی لەخاکی عێراقدا ، ئەمریکا بەو ڕاستیە دەگات کەچیترتاکە هێزی گەورەو بڕیاردەرنیە لەجیهاندا! وە بەو پرسیارەش کۆتای بەدوایین نووسینەکەی هێنابوو کەدەڵێت ( فهل سیتحرك الشرفاو؟ أسأل الله ژلك )

عەرەفاتیش لەدوای ئەو دەست وەشاندنانەی شارۆن لەسەرکردەکانی حەماس ولەدوای ئەوەی کە پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کەگیانی عەرەفات لەتیرۆر بپارێزێت ,عەرەفات لەباتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ڕێنتیسی بڕیاری دا بیست کەس لە وانەی کەلەلایەن ئیسرائیلەوە داواکراون لەمەقەرەکانی خۆی دەریان بکات نەبا ئیسرائیل بەبیانووی ئەوانەوە ئەویش بکوژێ یان دەست بەسەرخۆی وبنکەکانیدا بگرێت , عەرەفات تائەو کاتەی کە وای دەزانی هەڕەشەکانی ئیسرائیل تەنها مەسەلەیەکە بۆ ترساندنی فەلەستینیەکان وژیانی شەخصی پارێزراوەلەلایەن ئەمەریکاوە ، سەرسەختانە داکۆکی لەو بیست کەسەی ناومەقەرەکانی دەکرد چونکە ئەوان کەسانێك بوون کەسەر بەڕێکخراوەسەربازییەکەی خۆی بوون ،بەلاّم کەزانی هەڕەشەکان جدین ومەترسی کەوتەسەرژیانی شەخصی خۆی ئیتر کەوتە خۆ ودەست بەرداری ئەندامەکانی خۆی بوو هەربۆیە ناجار لەوێ کردنیەدەرەوە.

هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی ئەمەریکاش ( ئەگەر جدی بن ) لەلایەك بۆ ئەوەیەکە موقتەدا بداتە دادگاولەلایەکی تریشەوەلە مەجلیس حوکم و تۆمەتبارکردنی دەزگای پۆلیس وکەمتەرخەمی ودەستکورتی حیزبەکانی ناو مەجلیس لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم دواییانەی شاری فەلوجەو بێ هەلوێستیان لەبەرانبەر موقتەداوسەرکێشی لەشکرەکەیدا ،بۆئەوەیە دەستێك بەو مەجلیسەدا بهێنێت کە پێشتر خۆی دروستی کردبوو, ئەو هەرەشەیە هەرچۆنێك بێت ئەو ئاماژانەی تێیایە کە ئەمەریکاییەکان چیتر ناتوانن بڕوا بەدۆستایەتی مەجلیسی حوکم بکەن و ئەو دووره پەرێزیەیان لێ قبوڵ بکەن ، وەبە پێ قسەکانی حاکمی مەدەنی عێراق وبەرپرسەکانی ئەمریکا دەبێت مەجلیس حوکم خۆیان ساخ کەنەوە و ئاشکرای کەن کەلە کام سەنگەرو بەرەداندان؟ واتەبەرەی تیرۆر کەموقتەداو عەرەبەسونیەیاخیەکانن , لەگەڵ بەرەی دیموکراتی و ئازادی کەخۆیلەڕێگەی هێزەوە قیادەی دەکات !

مەجلیسی حوکم کە لەناو ڕوداوەکاندا دەوری ناوبژیوانێکی ڕیش سپی وعەشایەری دەبینی ، خاڵە لاوازەکانیان لەوێدا کەوتە ڕوو کەنەیان توانی لەبەرانبەر ئەو هەمووکوشت و بڕەی هەردوولادا هەڵوێستێکی سەربەخۆو جدیان هەبێت، ئەوان کە لەلایەك دەیانوویست بەهەوڵەکانی ناوبژیوانی ئەمەریکاییەکان ڕازی بکەن لەلایەکی تریشەوە لەهەوڵی ئەوەدابوون بەدژایەتی نەکردنی موقتەداو

چەکدارەکانی ناو فەلوجە دڵی ناسیونالیزمی عەرەبی و کۆنەدۆستەکانیان( سوریاو ئێران ) لەخۆیان نەڕەنجێنن، ئەوان کەبەمیتۆدو سیاسەتێکی دووفاقی وترسنۆکانەوە لەنێوان دوو بەرداشی زبردا هەڵدەسوڕان لەئاکامدا جگەلەوەی لەلای هەردوولا ئەوەیان بۆمایەوە کە خۆیان کردە کوردەی لەهەردووجەژن بوو، لەهەمانکاتیشدا لای خەڵکیش چوونە خانەی هیچ نەبوون وحساب بۆنەکردنەوە، چونکە بۆ هەموولایەك ئاشکرایە ترسناکی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی ناو عێراق و دەستێوەردانی سوریاو ئێران وگروپی قاعیدە ،عێراق بۆ شەڕێکی خوێناوی تائیفەگەری و مەزهەبی وقەومی پەلکێش دەکات، بەرگرتن بەوئەگەرە ترسناکەش پێویستی بەهەڵوێستگرتنێکی جدی وبوێرانەهەبوو لەلایەن مەجلیسی حوکمەوە ، هەڵوێستێك دەبوولەلایەکەوە ئەندامانی مەجلیس ئەو فرسەتەیان بۆ ئەوەبقۆستایەتەوە تا فشار بۆ ئەمریکابهێنن و ئەو ڕاستیە ئاشکرابکەن کە هەلومەرجەکە ئەو هەڵوێستە لەئەمەریکا دەخوازێت کە تەکلیفی خۆی ومانەوەی هێزو حاکمەکەی لەسەر عێراق ڕۆشن بکاتەوەو هەموو هەوڵەکانی خۆشی لەبەرانبەردەست تێوەردانی ئەو دوو وڵاتە دراوسێیەشدا بخاتە گەرو هەڕەشەکانی لەسەریان جدی بکاتەوە ،لەلایەکی تریشەوە لەناو ئەو ڕووداوانەدا فرسەتی ئەوەهەبوو کە ئەندامان وحیزبەکانی ناومەجلیس خۆیان لەژێر نیری قەرزاربارى ئەو دوو وڵاتەدا بهێنایەتە دەرەوە وسەربەخۆ و وەك دەسەڵات وئیدارەی سیاسی کاریان لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکردایە و لەباتی گەران بەدوای مجامەلەی ئەو حکومەتانەدا هەوڵی پارسەنگی هێزیان لەنێوان خۆیان و ئەواندا بدایە، هەروەها ئەمە لەگەڵ ئەوەی گەر مەجلیس وحیزبە بەشداربووەکانی ناوی بڕوایان بەجەماوەری بوونی خۆیان وناوەرۆکی دیموکراتی و سندوقی دەنگدان هەبووایە, دەبوو بێ سڵەمینەوە بڕیار لەهەڵبژاردنی گشتی بدەن وئاکامی هەڵبژاردنەکەش هەرچیەك بێت قبوڵی بکەن. چونکە جگەلەوەی کە ئەمریکا مەحاڵە بەئاسانی و ئاشتی دەست بەرداری ئیمتیازەکانی ناوعێراق ببێت و وەك رێنتیسی ووتبووی مەحاڵیشە بەئاسانی ئەو شکەستەش قبوڵ بکات کەچیتر تاکەهێزی بڕیاردەری گەورەی جیهانی نەبێت ، هەربۆیە بەجۆرێك لەجۆرەکان ڕەنگە ئەمریکا ئەوەبزانێت کە لەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعس و دەست نەکەوتنی چەکی کۆکوژی چیتر بەهانەی مانەوەی لەعێراقدا نەماوە بۆیە دەبێت گەمەی سیاسی تری هەبێت ، لەئێستاشدا شتێك لەوەباشتر نیە کەکەڵك لەو ئاژاوەیەی ناوەوە ولەو بێدەسەڵاتیەی مەجلیس ببینێت و بیانکاتە بەهانەوەی مانەوەی هێزەکانی و پشت کردنە مەجلیسەکەو گێڕانەوەی ئەفسەروکۆنە بەعسیەکان بۆسەر دەسەڵات ، یان بەجۆرێکی ترچوونە دەرەوەی هێزەکانی لەعێراقدا بخاتە گرەوی ئەوەی دەسەڵاتێکی خۆ وویستی تاك ڕەوانەی سەرکوتگەرانەی داکۆکیکار لەخۆی بهێنێتە سەرکار جائەگەرئەم کارە بەکۆنەبەعسیەکانیش بکرێت بیکات وسڵ لەهیچ نەکاتەوە , چونکە لەئاکامدا ئەمریکا جۆرە دیموکراتیەتێك لەعێراق دەخوازێت کەهێندەی ئەمەریکی بێت هێندە بەرئەنجامی هەڵبژاردنی خەڵك و سندوقەکانی هەڵبژاردن نەبێت .